# ڕوویەکی تری ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشان

**شاهین کەریمی**
shaahinkarimi@yahoo.com

ماوەیەکی زۆرە کە چ بە شێوەی نەهێنی و تەشکیلاتی و چ بە شێوەی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی جیاوازی و دوو باڵی و تەکەتوڵ لە ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان دا هەیە و ئەم دوو بەرەکیە لە بەرزترین ئاست دا و لە ناو دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ڕەنگی داوەتەوە. بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وەک کەمایەتی بوونی خۆیان ڕاگەیاند و خواست و تێڕوانین و ڕەخنەکانی خۆیان خستە بەردەم ڕای گشتی. لە بەرامبەریش دا دەفتەری سیاسی بۆچوون و وەڵامی خۆی دایەوە. هەرچەند هیچ کام لە لایەنەکان ڕوونی و ڕاشکاوییەکی ئەوتۆ لە گوتاریان دا نەبوو، بەڵام ئەدەبیاتێکی توند و تیژ و تۆمەتبارکەرانە ئاراستەی یەکتر دەکرا کە بە تەواوەتی سونەتی و نامۆدێڕن بوون و باس و کێشەی تاک و تایبەتی و دەسەڵات قورساییەکی زۆری تێدا بوو.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی لە ڕۆژی 11ی مانگی ژولای (لە ڕاگەیەندراوەکەی کۆمەڵەدا 11ی ژووئەن نوسراوە، کە پێدەچێ هەڵە بێت!) ڕاگەیاندنێکی دایە دەرەوە کە باس لە پتەو کردنی یەکڕیزی و یەکگرتووی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە دەکات. وا دەردەکەوێ کە ڕاگەیاندنەکەی کۆمیتەی ناوەندی بە مانای کۆتایی هاتنی ئەو قەیران و ئاڵۆزییە قوڵە بێت کە تا دەهات توندتر و قایمتر دەبوو و دەورێکی زۆری لە سەر چالاکی و کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵە دانابوو.

ئەوەی من ئەمەوێ لەم وتارە دا باسی بکەم ڕەت یان پشتگیری هیچ کام لە لایەنەکان یان بۆچوونی ئەوان نیە. لەسەر کێشەکان، چ ئەندامان و لێپرسراوانی ناوخۆی کۆمەڵە و چ دۆستان و نەیاران و خەڵکانی بێ لایەن بابەت و لێکدانەوەی خۆیان باس کردووە و لە لایەکی تریشەوە تا ڕادەیەک کات بۆ دووان لە سەر ناکۆکیەکان بە سەر هاتووە و چرووپری ململانێکان ڕەویوەتەوە. بەڵام من هەوڵ دەدەم لێرەدا لە چەند خاڵ ورد ببمەوە کە پێویستە بۆ ڕای گشتی و خوێنەران و لایەنگرانی خۆیانی ڕوون بکەنەوە.

**یەکەم:**

ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی هیچ شتێک ڕوون ناکاتەوە. لەو ماوەی ڕابوردوودا بە هەموو شێوەیەک ناکۆکی و جیاوازی و دووبەرەکی بە دی دەکرا. لە ڕەسمی ترین ئۆرگانەکانی حیزبیەوە وەک کۆنگرە و دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و پێکهاتنی کەمایەتی و دەیان گوتار و ڕاگەیەندراو و بابەت دا ئەم جیاوازییە ڕەنگی دایەوە. لە هەڵبژاردنەکان و ئەدەبیات و کاری ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندنی حیزبی دا دوو بەش یان دوو باڵ ئامادە بوون. ئەوەی بە دی دەکرا مەودایەکی زۆر و دوور بوو لە نێوانیان دا و پێدەچوو کە ئاراستەی لێک تێگەشتن و چارەسەر بەرەو لێک دوورکەوتنەوە و دابڕان بڕوا. سەرەڕای ئەو کێشە قووڵەی کە ئاماژەم پێکرد، کۆمیتەی ناوەندی لە ڕاگەیاندنێکی دوو لاپەڕەییدا خاڵی کۆتایی دەنێتە بەردەم هەموو شتێک و بەبێ هیچ ڕوونکردنەوە و ڕیزبەندی خاڵی ڕێککەوتنەکان، دەڵێ کە یەکڕیزی ڕێکخراوەیی پتەو کراوەو کۆمەڵە ئەم قۆناغەی تێپەڕاندووە. لێرەدا دوو شتی تاڵ و ناخۆش قوت دەبێتەوە. سەرەتا سیاسەتی دیپلۆماسی و ژێربەژێر و شاردنەوەیە. ڕەنگە وەڵامی بەڕێزان ئەوە بێت کە ئەوە شتێکی ناخۆییەو پرێنسیبی ڕێکخراوەیی دەبێ بپارێزدرێ و پێوەندی بە ئەندامانی ناو کۆمەڵەوە هەیە. بەڵام کاتێک تۆ خەڵک دەکەیتە وەرگر و گوێگری قسەی خۆت و بە وردی و ڕەسمی و ئاشکرا بەرانبەر بە خەڵک دەدوێی، دەبێ بە هەمان شێوە تا کۆتایی بڕۆی و پێیان بڵێ ی کە بۆچی وامان کرد و بۆچی ئەوەی کردوومانە باشە و گرینگتر لەوە چیمان کردووە. چیمان

داوه و چیمان وەرگرتووه. بەداخەوە لێرەدا جەوهەر وناوەرۆکی حیزب _ وەک حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست _ خۆی دەنوێنێ کە خەڵک تا کاتێ باشە کە پێویستمان پێیەتی، تا کاتێ کە هێز کۆبکەینەوە تا کاتێ کە ڕەوڕەوەکەمان بەکەوێتە ڕێ. بەڵام دوا ئەوە و لە کاتەکانی تر دا خەڵک نامەحرەم و نەشیاوە. من لە سەر ئەو بڕوایەم کە ئەم جۆرە مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگا بە کەم زانین و سوک سەیر کردنی ئاستی تێگەشتنی خەڵکە کە بێگومان یەکەم زەرەو و گەورەترین زەرەری بۆ خودی کۆمەڵە دەگەڕێتەوە.

شتێکی تر کە وەرگرتنی ناخۆشە، شکاندن و پێشێل کردنی پرێنسیب و بنەماکانی دیموکراسیەتە. کۆمەڵە بەردەوام لایەنگر و خوازیاری دیموکراسیەت بووە. دیموکراسیەت بە مانا سەرەکی وبنەڕەتییەکەی. واتە لە یەکەمین خانە و خاڵەوە بۆ بەرزترین وسەرەکی ترین پێکهاتەی کۆمەڵگا.واتە لە خۆتەوە دەست پێ بکەو چاوەڕوانیشیت لە خەڵک و لەوانی تریش ببێ. دیارە پێویست بە باس کردنی ئەوە ناکات کە گەوهەری دیموکراسی بریتیە لە هەڵبژرادن و کێش و قورسایی هەر تاک یان لایەنێک کە بە پێ ی دەنگ دەر دەکەوێت. بەڵام لێرەدا وەک بۆنی دێت دیموکراسی بێچارە یەکەم قوربانی بەرژەوەندی حیزبی و ڕێککەوتنە. بە خشکە بە لای پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆدا تێدەپەڕن و هەر ئاوڕیشی لێ نادەنەوە. هەڵبژرادن و دەنگ هێنانەوە مانای نامێنێ و دانان و دیاری کردن و سپاردنی بەرپرسایەتی لە ئان و ساتێک دا جێ بە جێ دەبێ. دیموکراسی بێچارەی بێدەسەڵات چەندە بەسزمانە، هەموو کەس پێ ی دەوێرێ. چەندە خۆشە بە تاریکە شەو باز بدەی بە سەر لەمپەڕی دیموکراسی نەگبەت دا.

دووهەم:

ئەوەی لێرەدا وەک خاڵێکی نێگەتیڤی تر دێتە بەرچاو ئەوەیە کە هەموو شتێک لە سەرەوە و لە ڕێگەی سەرۆک و پیاو ماقوڵانەوە براوەتەوە. لە سونەتی حیزبایەتی ئێمەدا بڕیار لە سەرەوە و بە مەزەندەی سەرۆکەکان ئەبڕێتەوە. پرۆسەی دیموکراسی و وەرگرتنی دەنگ و شەرعیەت لە خوارەوە زۆر لاوازە. حیزب پێکهاتەیەکە لە بازنەکان. زۆر جار ئەم بازنانە دەبنە تاقم و مەحفل. بازنەکان شەرعیەتێکی ڕەها بۆ خۆیان دەبینن و وەڵامدانەوە و شیکردنەوە لایان نامۆیە. زۆر جار بەرژەوەندی حیزب بریتیە لە بەرژەوەندی بازنەکان. لە هەمان سۆنگەشەوە بەرژەوەندی بازنە پەرەپێدەدرێ بە سەر بەرژەوەندی پێکهاتەو ئەندامانی حیزب و لەوێشەوە بۆ کۆمەڵگا و نەتەوە و هتد. دەشیا کۆمەڵە لە پرۆسەیەکی روون و ئاشکرا و بە شێوەیەکی دیموکراتیکانە، بۆ وێنە لە کۆنفرانسێک یان کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا و بە ئامادەبوونی کادر و ئەندامان ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنێ. لەو حاڵەتەدا هەم بنەماو بەها پێشکەوتوەکان ڕەچاو دەکرا و هەم ئەزموون دەستکەوتێکی گرینگ بوو کە بەرگری دەکرد لە دووبارەبوونەوە و سەرهەڵدانەوەی قەیرانەکە. لەو بڕوایەدام کە جگە لەوەی کە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئاگاداری ڕێککەوتن و چارەسەری قەیرانی ناو کۆمەڵە نەبوون، تەنانەت هۆ و چۆنیەتی ڕێککەوتنەکەشیان بۆ باس ناکرێ.

سێهەم:

لە بابەت ڕێچکە و سیاسەتی کۆمەڵە لە داهاتوودا، چاوەڕوانی گۆڕان و وەرچەرخانێکی ڕیشەی لە داهاتوودا دەکرێت. بە درێژایی ئەم ساڵانەی کە کۆمەڵە لە حزیبی کۆمۆنیستی ئێران هاتۆتە دەر، سیاسەتی ئەملاوئەولا خاڵی سەرەکی و بنەمای پێوەندی و دیپلۆماسی کۆمەڵە بووە. لە لایەکەوە هەوڵی خۆهەڵواسین بە پرستیژ و سونەت و خۆشناوی و کەسایەتیە کاریزماتیکەکان و ڕابوردوو بەشێک بووە لە سیاسەتی کۆمەڵە و ڕێژەیەکی زۆری لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەی دارگیر کردووە. لە لایەکی تریشەوە و لە کردەوەدا تەختە گاز لە جادەیەکی یەک لایەنەدا بەرەو قیبلەی لیبرالیسم پێ ی پیا دەنێن و وەدرەنگ کەوتنی ئاش بە پەلەی ڕێگا قەرەبوو دەکەنەوە. بە بڕوای من ئەم ڕێککەوتنەی کە ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی باسی لێ دەکات، دەبێتە خاڵێکی گرینگی

وەرچەرخان. یان نزیک بوونەوە لە خەڵک و هێز و کەسە شۆڕشگێڕەکان و پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی ژیر و بە هێز و لۆژیک، یان ئاوێتە بوون و نوقم بوون لە خواست و سیاسەتی نئوکۆنسەرڤاتیوەکان و برایەتی و خۆشامایی بۆ بە ئیستلاح ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتیکی ئێرانی! یان سیاسەتی ئازایانە و بوێرانە دێتە ئاراوەو خەڵکانی بە پرێنسیب و لێهاتوو دەبنە پێشڕەوی گۆڕان و چاکسازی و خەبات و خواستی خەڵک و کۆمەڵە بەرەو پێش دەبەن و باشترو کارامەتری دەکەن یان کەش بۆ مەیلێک خۆش دەبێ کە دواکەوتوویی و سەرلێشیواوی لە سەرتا پێ ی سیاسەت و گوتار و دروشم و کەسایەتی و هەڵسوکەتیان دەبارێ.

چوارەم:

هاوکێشی و شێوەی مامەڵە کردنی ئەم دوو باڵە لەگەڵ یەکتر لە داهاتوو دا یەکێکی تر لە کاراکتەرەکانی دیاری کردنی سیاسەت و داهاتووی کۆمەڵە دەبێت. لە ڕاستی دا ئەگەر کەمایەتی وەک سیاسەت یان مەیلێک، نەک وەک تەکەتۆڵ، بوونی خۆی چ لە ناو ئەندامان و چ لە ئاستی سەرکردایەتی دا بپارێزێ، دژایەتی و ناکۆکی هەر دەمێنێ. دیارە لەم حاڵەتەدا دەبێ بەشێک لە دەسەڵات و بەرپرسایەتی و ڕاگەیاندن لە بەردەست ئەواندا بێت کە ئەمەش بۆ خۆی ئەزمونێکە بۆ دیموکراسی ناوخۆیی کۆمەڵە. بەڵام ئەگەر تەنانەت وەک ڕێچکەیەکی سیاسیش خۆی هەڵوەشێنێتەوە بە مانای توانەوەو وپاشگەز بوونەوە وهەڵەیە، کە لەم حاڵەتەدا ڕوون کردنەوەیەک بە کۆمەڵگا قەرزدار دەبن. ئەگەر دەفتەری سیاسی و زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی داخوازی و ڕەخنەکانی کەمایەتیان پەسەند کردبێ، دەبێ بەرانبەر بە خەڵک بە ئاشکرا و ڕەسمی ئەو شتە ڕابگەیەنێ. لێرەدا دوو کێشەی سەرەکی دێتە پێش: هەڵوێستی کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندی کە بە ڕەسمی بوونی خۆی ڕاگەیاند چی دەبێ و ئایا بە هەمان بوێری هەڵوەشانەوەی خۆی ڕادەگەیەنێ؟ لە لایەکی تریشەوە مامەڵەی ڕێکخراوەیی و دەفتەری سیاسی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەرکراون یان ئەندامەتیان هەڵپەسێردراوە چی دەبێ؟ ئەو کەسانە وەردگیرێنەوە؟ تەوبیخ دەکرێن؟ دەبێ داوای لێبوردن بکەن یان کۆمەڵە داوای لێبوردنیان لێ بکات؟ بەرپرسایەتی و ئەرکەکانیان پێ دەبەخشنەوە؟ گرینگتر لەوە ڕوو بە خەڵک چی دەڵێن و چۆن قەناعەت بە ئەندامان و لایەنگران و خەڵک دەکەن؟

پێنجەم:

ئەوەی من لێرەدا بە خاڵێکی پۆزەتیڤ دەیبینم مانەوەو تەحەمولی یەکترە. ئەوەندەی بیرەوەری من یارمەتیم بدات بە بیرم نایەت کە لە خەباتی حیزبایەتی کوردیدا یان لە ئاستێکی بەرفراوان ترلە ڕۆژهەڵاتدا، جیاوازیی و دووبەرەکی لە ناوی حیزبێکدا دروست بووبێ و ئەو ناکۆکیە چارەسەر کرابێ. لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیدا هەمیشە دەرەنجام یان جیابوونەوە و دابڕان و دووری و دوژمنی بووە یان توانەوە و دەرکردن و پووچەڵ بوونەوە بووە. بەداخەوە بەدرێژایی ئەم مێژووە واتە مێژووی حیزبایەتی، خەباتی ناوخۆیی حیزب بەجێی ئەوەی کە سەرچاوەیەک بێت بۆ گوڕوتین بەخشین بە خەبات و جێ خستن و پرۆڤەی دیموکراسی بۆتە هۆکارێک بۆ دواخستن و دڵساردی ودوژمن خۆش کردن. ئەو کەسانەی کە تا دوێکە لە سەنگەرێک دا شان بەشانی یەکتری بەرگریان لە ئامانجێک دەکرد، دەبنە دوژمنی بڕبڕەپشتی یەکتر و ڕەحم بە سێبەری یەکتریش ناکەن. کات و هێز و توانا بە جێی ئەوەی بۆ خەبات بەرانبەر دوژمنی سەرەکی و ڕزگاری تەرخان بکرێ دەبێتە کانگای خۆخۆری و شەڕەدەنوکێ و یەکتر تۆمەتبار کردن و یەکتر تاوانبار کردن. وەک ئاماژەم پێکرد لەو ماوەی ڕابوردودا ئەم شەڕەدەنوکێ یە لە ئارادابوو و ئەدەبیاتی باو ئاڵوگۆڕ دەکرا، بەڵام هەر ئەوەی کە لانی کەم دەرگای دیالۆگ دانەخراو ئێستە گوتاری هاوکاری و مانەوە و چارەسەر لەئارادایە هەنگاوێکی بەرەوپێشەو بڕینی قۆناغێکەو شکاندنی نەریتێکی دواکەوتوانەی حیزبایەتی ڕۆژهەڵاتە.

لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم کە من بە هیچ شێوەیەک ناحەز و نەخوازی یەکریزی و یەکیەتی کۆمەڵە نیم. کەس گومانی لەوەدا نیە کە جیابونەوە و دابەش بوون و دابڕان کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم پێشکەوتن و سەرکەوتن دا. هەڵوێست و هەنگاوی هاوڕێیانی هەردوو لایەن جێگەی پێزانین و تێڕامانە. بەڵام کاری چاک، کاتێک چاکی بەتەواو مانا دەبێ کە خەل و خەوشی تیا نەبێ. لە هیچ کاتێک دا خەڵک و کۆمەڵگا لە بیرنەکەی و خۆت لە بیرنەکەی کە لە کوێوە هاتوی بۆ چی هاتوی. قەت لەبیری نەکەی کە ئەو شتەی کە باس و بانگەشەی بۆ دەکەی خۆت یەکەم خاوەنیت و یەکەم جێبەجێ کەری. قەت بۆ دەسرۆکەیەک قەیسەرییەک مەسوتێنە، بۆ گورچیلەیەک گایەک منار مەکەرەوە. بۆ بەرژەوەندی حیزبی خۆت پێ مەنێ بەسەر بەهاکانی دیموکراسی و ئەو شتەی خۆت لەسەر کاغەز نوسیوتە.

مانگی ژولای 2007